


# سەرخۆشێک لەبەردەم ئاوێنەدا

محەمەد دێڤ

لە ناوەوەم شتێک گۆڕاوە، جورئەتم نییە دانی پێدا بنێم، خەڵک نا، بەس خۆم هەستی پێ دەکەم، گاڵتەجاڕانە دێم و دەڕۆم، هەندێ جاریش نا؛ وەک ئاوێکی مەنگ وام. نامەی زۆرم بۆت نووسیوە، دەزانم نایانخوێنیتەوە، باشتر بڵێم؛ ناتوانیت. باوکم کە دەیگوت ژیان لە چاوترووکانێکدا دەگۆڕێ، باوەڕم پێی نەدەکرد، لێی تێنەدەگەیشتم، بەڵام دوای ئەوەی لە شەوێکی پێنجشەممەدا بڕیاری خۆکوشتنت دا، تێگەیشتم.

زۆر نا، دوای کەمێک لە هەواڵی خۆکوژیت لە بنکەوە زەنگێکیان بۆ کردم، کچێکی گەنج بە ناوی (لینا)وە لە بەشە ناوەخۆیی خۆی کوشتووە. سەیرە؛ جاران یادەوەری و ئەدەبیات بەیەکەوەی دەبەستینەوە، ئێستا مەرگ. سەبارەت بە یادەوەری، هەردووکمان ڕکمان لێی بوو. پێت دەگوتم پارادۆکسە، نە دەتوانی خۆشت بوێت، نە ڕکت لێی بێ. شێواوی لە ژوورەکە بەدی نەدەکرا، هیچ کەلوپەلێک و پارچە جلێک، لە هیچ شوێنێک پەرشوبڵاو نەبوو.

ژوورەکە دەرگایەکی خۆڵەمێشی هەبوو، شریتی زەرد و ڕەشیان لێ دابوو، دیمەنی تاوان، وای لەسەر نووسرابوو. ئاوێنەیەکی باڵا، لەبەر جێ خەوەکەی بوو. بۆنێکی ناخۆش لە ژوورەکە دەهات، تۆخ و ناڕەحەتکەر. نا، هی خوێنەکە نەبوو؛ شتێکی تر بوو. ژوورێکی پڕ کەرەستە، ڕەق و سارد؛ وەک نیگای چاوێک کە چیتر پێناکەنێت، چاوم بەر ڕەنگی زیندوو نەدەکەوت، هەموو شتێک ڕەنگێکی خۆڵەمێشی لەسەر نیشتبوو. سێ پلاستیکی ژمارەیی لەسەر جێگاکەی دانرابوون کە لە تەنیشت پەنجەرەکەوە بوو، دانەیەکیش

لە خوار جێگاکەیەوە، لە پێش قووتوویەکی ڕژاو. هەمان دیمەنی تابلۆی مەرگی (چاتەرتۆن)ی تێدا دەبینم، تابلۆی وێنەکێشە دڵخوازەکەت، کە مەرگی گەنجێکی بە شێوازێکی ڕۆمانسی بەرجەستە کردووە. هەمان دەستی شۆڕبووەوە و سیمبۆلی وازهێنان. لە کەسێکی خۆکوژی ئاسایی دەچێت، ئاگاسا کریستی کە لە پشتمەوە وەستابوو، وای وت. جگەرەیەکم داگیرساند. وەک ڕاوچییەک کە بە تەواوی سەرنجییەوە خۆی بۆ نێچیرەکەی مەڵاس داوە، لەبەردەم لاشەکەی وەستام. بە وردی چاوم بۆ شتە پەراوێزخراوەکان دەگێڕا، بڕوام وایە بارودۆخەکان زۆرینەی کات لەوێ حیکایەتی خۆیان دەگێڕنەوە.

هەموو شتێک ئاسایی دەهاتە بەرچاو، وەک هەر کەسێکی تر، تا ئەوکاتە چاوم بە دەفتەرێکی بچووکی نیوەکراوە کەوت لە لێواری پەنجەرەکەدا. پڕبوو لە نووسین، بە دەستوخەتێکی شڕەوە. گومانم هەیە خۆیشی لە خەتی خۆی تێگەیشتبێت! کۆتا لاپەڕەی دەفتەرەکە دوو دەقی تێدا بوو، خۆیان لە شێوەی شیعر دەنواند:

**ماندووم لە هەموو شتێک، بۆ مەرگێکی ئارام ناڵەمە.**

لە خواریشەوە، کە نامۆ نەبوو بەلامەوە، شتێکی تر نووسرابوو:

**چیتر شیوەنم بۆ مەگێڕە کە مردم.**

ئاگاسا کریستی کە ئاشقی دەروونناسییە، پێی گوتم، هیچ خۆکوشتنێک بێ هۆکار نییە، ڕەنگە کەسێک، یان شتێک دنەی دابێت.

***

لە وێستگەی شەمەندەفەر وەستاوم، چاوەڕێی گەیشتنی شەمەندەفەری داهاتووم، ماڵم لە گەڕەکێکی لێواری شارە، بۆ ئەوەی بێزار نەبم، ڕۆژنامەیەکم لەژێر باڵم ناوە لە ڕێگە بیخوێنمەوە، ئەوە نەبێ تا ئاگام لە دەوروبەرم بێ، نا؛ تا بۆ ساتێ لە خۆم داببڕێم. دوای دە خوولەکێک ڕۆژنامەکەم کردەوە، وێنەی کچێک لە دووەم لاپەڕە دانرابوو، کچێکی گەنج لە بەشەناوەخۆیی خۆی دەکوژێت، وایان لەسەر نوسیبوو.

- خۆکوژییەکەی چاوەڕوانکراو بوو.

وەک بڵێی لە خەودا تەشتێک ئاویان پێدا کردبم، ڕاپەڕاندم. لام کردەوە و پیاوێک بوو بە کۆتێکی ڕەشەوە، پێدەچوو تەمەنی لە ناوەڕاستی سییەکان بێ، جانتایەکیش لەسەر کۆشییەوە. بە واق وڕمانەوە:

- مەبەستت چییە چاوەڕوانکراو بوو؟ دەتناسی؟
- یەکێک بوو لە باشترین خوێندکارەکانم.

نەمدەزانی چی بڵێم، هیچم نەوت. مامۆستاکە دووبارە کەوتەوە قسە:

- کچێکی هەستیار و زیرەک بوو، بەڵام دەروونێکی ناجێگیری هەبوو، زۆر لە شتەکان قووڵ دەبووەوە. دەمزانی درەنگ و زوو کەوتووە، ئازاری خۆی بدات، ئەوەتا؛ خۆی کوشت.

تا هاتمەوە هۆش خۆم و ورتەیەکم لێوە هات، شەمەندەفەرەکە وەستا. بە هەرحاڵ، بەهیوای ئێوارەیەکی ئارام جەنابی لێکۆڵەر، مامۆستاکە وای وت و دابەزی.

ئاپارتمانەکەم، بەپێ چارەگێک لە وێستگەی وەستانم دوور بوو. ئەو ئێوارەیە شار کپ بوو و ئاسمان لە خەونێکی کوژراو دەچوو، تاریک تاریک. نەمدەزانی بیر لە تۆ بکەمەوە، یان ئەو کچە، وێنەی هەردووکتان لە مێشکمدا سەمایان دەکرد. لاشەم بەسەر قاچەکانمەوە قورس بووبوو، وەک نەشارەزایەک دەیانگەڕاندمەوە ماڵەوە. کە لەسەر جێگاکە پاڵ کەوتم قسەی ئەو مامۆستایەم هاتەوە یاد؛ بۆچی وای وت؟ چۆن دەیزانی خۆی دەکوژێت؟ بۆچی هیچی نەکرد؟ چۆن زانی من لێکۆڵەرم؟ گومانم زۆر بوو، وەڵامم کەم؛ ڕاستییەکەی هیچ وەڵامێکم نەبوو. ئەو پسیارانە وەک مێشێک لە شەودا

و لە کاتی خەودا بێزارت بکات، بێزار و بێخەویان کردبووم. دوای ئێوارەیەک، گومان و تەنیایی زۆریان بۆ هێنام، تەلەفۆنێکم بۆ ئاگاسا کریستی کرد: دەزانم هیلاکیت و تازە لە دەوام گەڕاویتەوە، بەڵام پێویستم بە بینینتە، لەبارەی کەیسەکەی (لینا) شەوە دوو قسە هەیە دەمەوێ بیکەین.

نەمدەتوانی دوای ئەو قسانەی لە مامۆستا گەنجەکەوە بیستم هەروا بە ئاسانی لێ گەڕێم کەیسەکە وەک هەر کەیسێکی تری خۆکوژی دابخرێت. بە وردی باسی مامۆستاکەم کرد، کە چۆن بە درێژایی ئەم هەفتەیە مێشکی مژوول کردووم، گومانێکی زۆرم لێی هەبوو، داوام لێی کرد لێکۆڵینەوەیەکی پوختم لەسەری بۆ بکات، ئاخۆ هیچمان لەسەری دەست دەکەوێت.

لە دوای مردنی دایک و باوکم و نەمانی تۆ، هیچ کەس و شتێک نەیدەتوانی بەخۆیەوە گرێم بدات، ڕەنگە خۆشم ڕێگەم نەدابێت، بەڵام جورئەتم نەبووە دانی پێدابنێم، پێش ئەو جومعەیەی بڕیارمان دا جیاببینەوە، لە یەک شاری بچکۆلە بووین و هەر شەقامێک دەیخستینەوە سەر ڕێگای یەکتر؛ هەر کافێیەک دەیخستینە سەر یەک مێز، کەچی دوای ئەوە شەقامەکان ئامادە نەبوون بمانخەنەوە سەر ڕێی یەکتر، مێزەکانیش وەک سنووری نێوان دوو وڵات، نەیاندەهێشت هەناسەکانمان تێکەڵی یەکتر بن.

دوای چەند ڕۆژێک و لە ڕۆژی پشوودا، بەیانییەک لەگەڵ ئاگاسا لە قاوەخانەیەک یەکترمان بینی، وتی: لە ماوەی پێنج ساڵدا دوو خوێندکاری هەمان مامۆستا خۆیان کوشتووە، بە (لینا)شەوە ئەوە سێ. ئەو دوو دێڕەت لەبیرە کە لینا لە دوا لاپەڕەی دەفتەرەکەی نوسیبوونی؟ هەمان شت لە هی دووانەکەی تریشدا هەیە، تەنانەت هەندێک دەنگۆ هەبوون کە لەگەڵ یەکەم خوێندکاریش پێوەندییەکی سۆزداری و بگرە زیاتریشی هەبووبێت! خەریک بوو لەسەر ئەوە لە زانکۆش دەرکرێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەو دەنگۆیانە نەبوو، هەر ئەوەیە لە سەرەتاکاندا لە ڕێگای ئیمەیلەوە چەندان جار چوونەتە ئۆفیسی مامۆستاکە. ئەگەر لە منیش دەپرسیت، وای بۆ دەچم پێوەندی بە خۆکوژی هەر سێ خوێندکارەکەوە هەبێت، بەڵام چۆن؟ ئەوەیان نازانم، گرنگە پێت بڵێم کە ئەم مامۆستایە بەوە ناسراوە دنەی بیرکردنەوەی قووڵ و تاریک دەدات.

چاوەڕێی هاتنت بووم، هاتووی باسی موحازەرەکانم لەگەڵ بکەیت؟ مامۆستاکە بە گاڵتەئامێزییەوە وای وت.

«هاتووم باسی کوشتنت لەگەڵ بکەم، بۆچی یارمەتیت نەدا لە کاتێکدا دەتزانی خۆکوژی لە مێشکیدا شین بووە؟» لەو کاتەی چاوەڕێی بووم قسەیەک بکات، جوان لە ئۆفیسەکەیم ڕوانی، ئۆفیسێکی نیمچە تاریک بوو. کۆمەڵێک کتێب لە نێو ڕەفەی داخراو بوون، بۆنی تووتنی جگەرە لە ژوورەکەدا پەنگی خواردبووەوە. وەک هەیکەلێک لە پشتی مێزەکەوە دانیشتبوو، مامۆستاکە زۆر بە ئارامییەوە پرسی:

– پێدەچێ یەکێک بم لە گومان لێکراوەکانت، هیچ هۆکارێک هەیە؟

– لە پێنج ساڵی ڕابوردوودا ئەوە سێیەم خوێندکارە لەم زانکۆیە خۆی بکوژێت، هەمووی لە یەک بەش، هەمووشیان خوێندکاری تۆ بوونە، هیچ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە؟

– چەند ساڵێک لەمەوبەر لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ کردووم، بێگومانم ئاگاداری هەموو شتێکیشن، پێویست دەکات دووبارەی بکەمەوە؟

– حەز دەکەم لە دەمی خۆتانەوە گوێم لێی بێت.

– ئەرکی منە وەک مامۆستایەک خوێندکارەکانم هان بدەم بیر بکەنەوە، بە قووڵی بیربکەنەوە بۆ

ئەوەی خۆیان بدۆزنەوە. مردنیش هەر ڕوودەدات، جەنابی لێکۆڵەر. هەمیشە بە خوێندکارەکانم دەڵێم تێپەڕکردنی ژیان بە ترسەوە، ژیان نییە. لە تاریکی قووڵ ببنەوە، ڕێگای دەرچوون لەوێیە.

هیچ لە قسەکانی تێنەدەگەیشتم، وەک گوڵدانێک لەبەردەمی دانیشتبووم.

قسەکانی لەوانەی دەکرد کە بە فێڵی خوێندنەوە و ڕەشبینییەوە لەگەڵ کچان کات بەسەر دەبەن، هیچ لێی تێنەدەگەیشتم، وەک گوڵدانێک لەبەردەمی دانیشتبووم.

– مەبەستتان چییە لە ون بوون و دۆزینەوە؟ لێتان تێناگەم.

– هەموومان لە ناخماندا نەخۆشییەکمان بە خۆمان و ژیان هەیە، هەندێک خۆیان لێی غافڵ دەکەن و هەندێکیش هەوڵی تیمارکردنی دەدەن. لینا لێرەدا هەڵە بوو کە دەیویست هەمان مەلحەمەی گلگامێش دووبارە بکاتەوە، بەڵام ئەم جارەیان بۆ واتا، نەک باوەشکردنەوە بۆ ئەبەدییەت. بێ ئاگا لەوەی وەک تانکییەکی کون ژیانی لێ دەتکێنێ.

– کەواتە پێم دەڵێیت بەڕاستی ئاگادار بوویت خۆی دەکوژێت و بڕیارت دا هیچ شێک نەکەیت، وەک فیلمێکی سینەمایی سەیر بکەیت؟ ئەمە لە کاتێکیشدا هەر خۆت هانت داون بۆ ئەم توڕەهاتەی ون بوون و دۆزینەوە قۆڕەی باسی دەکەی.

مامۆستاکەم وەک وێنەکێشێک دەهاتە بەرچاو کە وێنەی مەرگی خۆیان وەک هونەر ببینن، بەڵام ئەوەم پێی نەوت.

– من بۆ بیرکردنەوە هانیان دەدەم، نەک هەڵبژاردن، جەنابی لێکۆڵەر ئەوان ئازادن چی جۆرە ڕێگایەک هەڵدەبژێرن، ئەوەی ئێوە دەیکەن دادگاییکردنی ئازادییە. لای ئێوە تەنیا ئەوکاتە ئازادییە کە بە ویستی ئێمە بجووڵێنەوە؟ ئەو بڕیارە تەواو ئازادی خۆی بووە. هەر خۆی...

ئێوە جارێک پەلکێشی ژووری لێپێچینەوەتان کردووم، ئەگەر بەنیازن هەمان دەردەسەریم تووش بکەنەوە فەرموون، بەڵام با بیرتان بهێنمەوە؛ لە یاسای هیچ وڵاتێکدا بیرکردنەوە، بە تاوان لە قەڵەم نەدراوە.

لە فەلسەفەکانی بێزار بووم، دەنگم بەرز کردەوە:

– ئێمە باسی سێ گەنج دەکەین کە دەکرا تەمەنێکی درێژ و خۆشیان هەبێت، نەک فەلسەگوو!

– چۆن دەزانن تەمەنی درێژ باشتر و ئاسوودەترە لە تەمەنی کورت؟ ئێوە ناتوانن بڕیار لەسەر دڵخۆشی و تەمەنی کەس بدەن.

ئۆفیسەکەم جێ هێشت و تێگەیشتم کە هیچم پێ ناکرێت، شتێک هەیە لەوە گەورەترە من و یاسا بتوانین مەحکوومی بکەین.

چەند هەفتەیەک بەسەر داخرانی کەیسەکەدا تێپەڕیوە، لەبەردەم پەنجەرەی هۆڵی ئەپارتمانەکەمدا دانیشتووم و لە خۆم دەپرسم؛ تۆ بڵێی کەسێک زانیبێتی تۆش بە نیازی ئازاردانی خۆتیت و بڕیاری دابێ هیچ نەکات؟ سەیری نامە کۆنەکانمان دەکەمەوە، لە شوێنێکدا بۆت نووسیوم چەند زیاتر قووڵ بیر بکەیتەوە، ئەوەندە زیاتر لە مەرگ نزیک دەبیتەوە، بەڵام ئەوە تۆ بوویت وەک سەمفۆنیایەک تێکەڵی مەرگ بوویت و نەمایت، ئەگەرچی هێشتا لە مندا تەمەنێکت ماوە، خەریکم هەموو ئەوانەت بۆ دەنووسم، دەزانم پێت ناگەن، ئەم جارەیان لەبەر غروورم نا، لەبەر ئەوەی لە ژیاندا نەماویت. وەک هەمیشە بە نیازی لەبیرکردنت نامەت بۆ دەنووسم و بە درککردن بەوەی قەت لەبیرم ناچی، نۆتی مۆبایلەکەم دادەخەم. گوێم لە دەنگی ئاگاسا کریستی دەبێت دەرگای ئەپارتمانەکە دەکاتەوە و دێتە سەر جێگاکەم.

تێبینی: ئەم چیرۆکە، لە هەشتەمین فیستیڤاڵی ئەدەبیی تاران براوەی خەڵاتی یەکەمی چیرۆک بوو.